# راگەیاندنی کۆتایی سیمیناری کادرانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری سەبارەت بە پیکهانانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان

رۆژی پینج شەممە 14 حوزەیرانی 2007 بەئامادەبونی هاورییان ( شمال علی، ئاسۆ کمال، عبدالله محمود، زمناکۆ عزیز، رمەزان صابر و محمد عزیز) لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەکی زۆر لە کادرانی حزب و میوانداری رەحمانی حسین زادە لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران – حیکمەتیست، سیمیناری کادرانی ریکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق سازکرا. سەرەتا شەمال علی و عبدالله محمود سەبارەت بە پیویستی پیکهینانیحزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان و تایبەتمەندیەکان و سیاسەتەکانی کۆمۆنیزمی کریکاری لە کوردستان باسیکیان پیشکەش کرد.

بەشی دووەمی کۆبونەوەکە بریتی بوو لە لە گفتوگۆ و پرسیاری کادرەکان لەسەر پرۆسەی پیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان کەلەلایەن زمناکۆ عزیز و ئاسۆ کمالەوە وەڵامی پرسیارەکانی بەشداربوانیان درایەوە.

لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا لەسەر پرۆسەی ڕاگەیاندنی حزب و لیژنەی ئامادەکار و هەنگاوە عەمەلیەکان لەلایەن ئاسۆ کمالەوە پیشکەش کرا.

کۆبونەوەکە تەئکیدی لەسەر پیویستی دەستبەجێی پیکهینانی حزب وەك بەدیلیك بۆ هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستان و هاوکات بە ئامادەیی دەربڕینی کادران بۆ بەشداری لە پرۆسە و هەنگاوە عەمەلیەکانی راگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستاندا کۆبونەوە سەرکەوتوانە کۆتایی هات.

ریکخراوی کوردستانی

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق

2007-6-14





